پەترۆی زامەکەم هەم لا بەردەوە
وەخت بیٚ سارێش بیٚ تازەش کەردەوە
تیریٚ هەوا دا وە پەنجەی بێگەرد
دا نە پەڕەی دڵ تا سۆفار و یەرد.٢٦٠

ئەو یارە کە پەنجەی ناز تیرێکی بە مەولەوی هەوا داو بە سەری کردەوە ئەوەتانیٚ ئەو یارە مەولەوی لە بیر چووەو رووی لیٚ وەرگێراوەو وازی لیٚ هێناوە یان شووی بە یەکێکی تر کردووە، ئەوتانیٚ مەولەوی لەسەر ئەو کارەی سەرجەنشتی دەکات و دەلیٚ :

منت شی جە ویر خاست کەردیدەم
بە وێت خاتر شاد خاست کەردیدەم

دوای ئەو سەرزەنشتە روو دەکاتە یارە بێوەفاکەی و دەڵیٚ :

سا هەر سۆزەی خۆش ئاە سەردی من
هەر کوورە پڕتاو گەرمی دەردی من
هەر وەفای دەم دەم ئاشنای ئەو
هەر ئەو عەهدو شەرت رووبەرایی ئەو. ٥٤١

واتە بۆ خوا بڵی جۆشی هەناسەی ساردو کوورەی گەرمو پڕ تاوی من بەراورد بکە لە تەك وەفای تاو تـوی رووکەشی و رووپامایی ئەو یارە تازەیەت فەرقیان ئاسمان و ریسمانە.

لە کۆتایی ئەو چامەدا پیٚ لە دڵداریە شکاوەی خۆی دەنیٚ و کە یارەکەی وازی لیٚ هێناو رووی لە یارێکی تر کرد،

لەم بەیتانەی خوارەوە ئەو شاهێدیەی لە سەر خۆی و بێسارانی دەدات. کە ئەمیش وەکو ئەو تووشی ئەو جۆرە دڵداریە کوشندەیە بووە و دەبیٚ لە ژێر باریدا بەرگە بگریٚ.

